# فیکتۆر خارا..
# لوتکەی هەڵوێست

**رزگار قەرەداخی**

ڤیکتۆر خارا، بەگەورەترین هونەرمەندی هەموو سەردەمەکانی وڵاتی چیلی دائەنرێت، ئەمە جگە لەوەی تا دوا ساڵەکانی ژیانی و پاش ئەوەی سەربازە فاشیستەکانی رژێمی پینۆشێ، هەر دە پەنجەکەیان بڕی، بەڵام نەیانتوانی لەگۆرانی وتنی بخەن و چۆکی پێدابدەن. راستە خارایان لەناو برد، بەڵام بکوژەکانی هەرگیز نەیانتوانی سرودو گۆرانیەکانی بێدەنگ بکەن، پێچەوانەوە بوونە وێردی زمانی هەموو میللەتانی ئەمێریکای لاتین و باشوور، خۆشی بووە سمبوڵی خۆڕاگری و ئازایەتی و دڵسۆزیی رێگەی خەباتەکەی.

ناوی تەواوی (ڤیکتۆر لیدیۆ خارا مارتینێز)ە، رۆژی ١٩٣٢/٩/٢٦ لەگوندی (سان نیناچیۆ)ی نزیک شاری سانتیاگۆی پایتەخت لە خێزانێکی جوتیار لەدایك بووە. دایکی گۆرانیبێژو گیتارژەن بووەو ئەمیش ڤیکتۆر خارای کوڕی فێری گۆرانی و موزیك کردووە. لەسەرەتادا خارا وەك کۆرس بەشداری گۆرانیە دینیەکانی ناوکەنیسەی کردووە. خوێندنی ئەکادیمی میوزیکی نەخوێندووە، بەڵکو بەیارمەتی دایکی و خۆی فێری بووە. لەسەرەتادا لەشوێنە میللیەکاندا گۆرانی فۆلکلۆری چیللی وتووە. لەپاشاندا بۆ خوێندن بۆ بەشداری ئەچێتە سانتیاگۆی پایتەخت و دەست ئەکات بەخوێندنی شانۆو لەهەمان کاتدا وەك کۆرس چالاکیەکانی زانکۆی کردووە، هاوکات لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەست ئەکەن لەکۆکردنەوەی گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی چیلی.

ساڵی ١٩٥٧ ڤیکتۆر خارا لەهەمان کاتدا لەدوو مەیدانی شانۆو گۆانیدا کاری ئەکرد، هیچ جیاوازیەکی لەنێوانیاندا نەدەکرد. هاوڕێی نزیکی ڤیۆلاتا پێرا بووە (کە بەدایکی گۆرانی مۆدێرنی چیلی ناسرابوو) هانی دا ببێتە گۆرانی بێژ. لەدوو گروپی جیاوازدا وەك گۆرانیبێژی (سۆلۆ) کاری ئەکرد، یەکەم دەرهێنانی شانۆیی لەهەمان ساڵدا کرد. ساڵی ١٩٥٩ لەچەند وڵاتێکی ئەمێریکای لاتین و باشوور (ئەرجەنتین، فەنزوێلا، پاراگوای، کوبا) چەند بەرهەمێکی شانۆیی نمایش کرد. ساڵی ١٩٦١ وەك شانۆکارو دەرهێنەر لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا (فەرنسا)، هۆڵەندا، یەکێتی سۆڤیەت، و وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژئاوا..) بەرهەمی پێشکەش کرد. لەهەمان ساڵیشدا یەکەم ئەلبوومی گۆرانیی بەناوی (ئەمەوێت بەکۆتر بڵێم) تۆمار کرد.

ڤیکتۆر خارا هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ شانۆو گۆرانی و موزیك و ئاوازدانان. کەسێکی ماندوونەناس و سەرکەوتوو بوو لەکارەکانیدا، چەندان لێپرسراوێتی هونەری و شانۆیی و زانکۆیی وەرگرتووە. هەمیشە شانازی بە فۆلکۆرو هونەری رەسەنی میللەتەکەیەوە کردووەو



ڤیکتۆر خارا

کۆی کردۆتەوە تا لەناوچوون رزگاریان بکات و خزمەتی کردووە.بەشداری چەندان میهرەجانی نێودەوڵەتی (ئەرجەنتین، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ...) کردووەو چەند خەڵاتێکی جیهانی لەسەر کارە شانۆییەکانی وەرگرتووە. لەهەمان کاتدا وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتووی دەنگخۆش و لێهاتوو یەکەم خەڵاتی فیستیڤاڵی گۆرانی نوێی چیلی ساڵی ١٩٦٩ی پێ بەخشرا. لەساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی باشترین ئاوازدانەری وڵاتەکەی وەرگرت بۆ ئەلبومی (مافی ژیان بەسەربردن بەئاشتی). هەروەها بەشداریی موزیکی بالیەی کردووەو لەبەریتانیا خەڵاتی وەرگرتووە.

زۆربەی تێکستە شانۆیی و گۆرانی و شیعرەکانی سیاسین و باسی کۆمەڵگەیەکی یەکسان ئەکات کە ئەبێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بەئازادی وەك یەك بژین و یەك یاساو دادگا هەبێت بەبێ جیاوازی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و رەگەزی . ئەبێتە قسەکەری هەژاران و بێنەوایان و جوتیاران و کرێکاران و کارگەران لەسەرتاپای گۆی زەوی بەگشتی و کیشوەرە خۆشەویستەکەی ئەمێریکای لاتین و باشوور بەتایبەتی. هەمیشە دژی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان و فاشیستەکان وەستاوەتەوەو گۆرانی بۆ ئاشتی و ئازادی و برایەتی گەلان وتووەو باشترین نمونەش ئەو کۆنسێرتانەدا کە دژی جەنگی ڤێتنام ئەنجامی دان.

ساڵی ١٩٧٠ واز لەپۆستی بەڕێوەبەری شانۆی سانتیاگۆ دێنێت. هەموو ژیانی خۆی تەرخان ئەکات بۆ گۆرانی و موزیك و بانگهێشتی هەڵبژاردن و کاری سیاسی. لەهەمان ساڵدا بوو بەسەرۆکی زاکۆی تەکنەلۆژی و راگەیاندنی دەوڵەت. ڤیکتۆر خارا وەك کەسێکی کۆمۆنیست زۆر نزیك بوو لەسەرۆك کۆمار سلڤادۆر ئەلێندێ و لەبەر لێهاتووی بەتوانایی کرا بەنوێنەری کەلتوری حکومەتەکەی ئەلێندێ و لەهەموو وڵاتانی ئەمێریکای لاتین و چەندین وڵاتی تری کۆنسێرتی پێشکەش کرد. هەروەها سەپەرشتی رێزلێنانی شاعیری گەورەی چیلی پاپلۆ نیرۆدا کرد، کە خەڵاتی نۆبڵی پێشکەش کرا.

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٣دا بەگەرمی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردو لەچەندان بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بانگەشەی بۆ یەکێتی ریزەکانی گەل ئەکردو بەئاشکرا دژی جەنگی سیڤیل و فاشیستەکان قسەی ئەکرد، هەروەها یەکێك بوو لەو کەسە خۆشبەختانەی کە لەمانگرتنەکەی ١٩٧٣دا وەك کرێکار بەشداریی کرد.

ساڵی ١٩٧٣ سلڤادۆر ئەلێندی سەرۆك کۆماری چیلی بوو، حکومەتەکەی دژایەتی زۆری ئەکرا لەلایەن راستڕەوە توندڕەوەکانەوە کە ئەمێریکاو دەزگا سیخوڕەکانی پشتگیریان ئەکردن، لەکاتێکدا چیلی لەمانگی ئابی هەمان ساڵدا لەلێواری جەنگی سیڤیلدا بوو، ئەلێندێ ژەنەراڵ نۆگێستۆ پینۆشێ کردە سەرۆکی گشتی سوپاکەی.

لەرۆژی ١٩٧٣/٩/١١دا نۆگێستۆ پینۆشێ بەیارمەتی دەزگا سیخوڕەکانی ئەمێریکا کودەتایەکی خوێناوی دژی حکومەتی نیشتمانی بەسەرکردایەتی ئەلێندێ بەرپاکرد کە لە لایەن جەماوەری شیلیەوە هەڵبژێردرابوو، سوپاکەی پینۆشێ بەتانك و چەکی قورس و هەڵیانکوتایە سەر پەرلەمان و کۆشکی کۆماری و لەشەرێکی خوێناویدا سەرۆك سلڤادۆر ئەلێندێ و زۆربەی وەزیرو کەسە نزیکەکانی کوژران. ڤیکتۆر خارا، لەگەڵ چەند هاورێیەك و قوتابیەکانی بەرەو



خوان تویر نێری هاوسەری ڤیکتۆر خارا



پینۆشێ

زانکۆکەی بەڕێکەوتن و دەستیان کرد بەخۆپیشاندان دژی کودەتاچیە فاشیەکان. سەربازەکانی پینۆشێ چواردەوری زانکۆکەیان گرت و هەموو قوتابی و مامۆستاکانیان زیندانی کرد. خارا و هاوڕێکانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارتەکەی کە نزیکەی شەش هەزار کەس ئەبوون لەگۆڕەپانی گەورەی شاری سانتیاگۆی پایتەخدا زیندانی کران.

ڤیکتۆر خارا، لەو چەند ڕۆژەی زیندانیدا بەگۆرانی و سروودی نیشتمانیەوە ورەی هاوڕێکانی بەرز ئەکردەوەو پاش ئەشکەنجەو لێدانێکی زۆر لەبەردەم شەش هەزار هاوبیریدا لەڕۆژی ١٩٧٣/٩/١٦دا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە شەهید کرا، مەگەر ئەو رەفتارەش تەنها لەفەرهەنگی فاشیستیەکاندا هەبێت. هەر دەپەنجەکەیان بەتەور بڕیەوەو پاشان داوایان لێکرد گۆرانی بڵێت، بەڵام خارا نەك هەر چۆکی دانەدا، بەڵکو بەو هەموو ئازارو خوێنەوە هەستایە سەرپێ و دەستەکانی بەرزکردەوەو گۆرانی بۆ ئازادی و سەرکەوتن وت، تا لەدواییدا بەفیشەك کوشتیان. نووسەری بەناوبانگی چیلی (میگێل چابێزاس) کە خۆی لەگەڵ خارادا زیندانی بوو، بەم شێوەیە باسی لەناوبردنی خاراو دوا ساتەکانی ژیانی دەکات: (زیاتر لەشە هەزار کەس ئەبووین لەگۆڕەپانی گەورەی سانتیاگۆ زیندانی کرابووین، ڤیکتۆر خارا لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ژیانیدا هەمیشە ورەی هاوڕێیانی بەرزئەکردەوەو بەگۆرانی و سرودە سیاسیەکانی، زۆریان ئازارو ئەشکەنجە دا. لەڕۆژی ١٩٧٣/٩/١٦دا ئەفسەرێکی گەورەی پینۆشێ فەرمانی دا بەسەربازەکانی کە خارای بۆ بێنن، ئەوانیش خارایان بۆ راپێچ کردە بەردەمی و داوایان لێکرد کە هەردوو دەستی بخاتە سەر مێزی ئەفسەرەکە، یەکەم جار پێنج پەنجەی دەستی چەپیان بەتەورێك قرتاند و بەهەمان شێوەش هەر پێنج پەنجەی دەستی راستی و هەر دە پەنجەکەی کەوتە سەر زەوی. پاشان ئەفسەرەکە چووە سەری و پێی وت: هەستە ئێستا گۆرانی بۆ دایکە سۆزانیەکەت بڵێ، پاشان بەشەق تێی کەوت، پاش کەمێك ڤیکتۆر خارا، بەئازارێکی زۆروزەحمەتەوە هەستایە سەرپێ و رووی کردە هاوڕێ زیندانیەکان و پشت لەسەربازو ئەفسەرە فاشیەکان دەستە خوێناویە بێ پەنجەکانی بەرز کردەوەو دەستیکرد بەوتنی مارشی حزبەکەی (حزبی یەکێتی جەماوەری) و هەموو زیندانیەکانی تر بوون بەکۆرس و سروودەکەیان وتەوە، ئەمەش فاشیستەکانی تووشی هستریا کرد، بۆیە کەوتنە دەستڕێژکردن کردن لەخارا و هاوڕێکانی. ژمارەیەکی زۆر کەوتن بەسەریەکداو هاوارو خوێنی بریندارەکان دیمەنێکی سەیری دروست کردبوو، بەڵام خارا گوێی لەهیچ نەبوو، چونکە گیانی دەرچووبوو.)

خارا ٣٤ گوللەی بەرکەوتبوو، لەگەڵ پێنج هاوڕێی تریدا بەشێوەیەکی نیمچە نهێنی کەسوکارەکانیان لەدامێنی گۆڕستانێکدا بەخاکیان سپاردن. خارا تەنها دە ڕۆژ پێش یادی ٤١ ساڵەی لەدایکبوونەکەی بە دڕندەترین شێوە شەهید کرا، ئاستی هونەرەکەی گەیشتبووە لوتکەو بەپەنجەکانی



میشێل باشلێ سەرۆکی چیللی، لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی خارادا




مەراسیمی دوبارە بەخاکسپاردنەوەی خارا

جوانترین میلۆدی و ئاوازی ئازارو خەمی هەژاران و بێنەوایانی دەژەنی و ختوکەی خەونەکانی ئەدان. فاشیستەکان باش دەیانزانی ناتوانن بەرامبەر کاریگەری هێزی پەنجەکانی خارا بوەستن و توانای بەرەنگاربوونەوەیان نیە، بۆیە بەتەور پەنجەکانیان بڕی، بەلاّم تا دوا هەناسەی گۆرانی بۆ هاوبیر و بۆ ئازادی و دیموکراتی ئەوت و ببووە زمانحاڵی بێزمانەکان. دڕندەکان تەنها بە لەناوبردنی فیزیکی خارا نەوەستان، بەڵکو دەستیان کرد بە لەناوبردن و سوتاندنی بەرهەمەکانی و قەدەغەکردنی، بەلاّم نەك هەر نەیانتوانی بەتەورو گوللە خاراو ڕێبازەکەی لەناو ببەن، بەڵکو بووبە سیمبولێك کە لەتەواوی جیهاندا گۆرانیەکانی ئەوترێتەوە و شانازی پێوە ئەکەن.

ئەگەرچی دیکتاتۆرو ڕژێم و لایەنگرانیان لەماوەی دەسەلاّتیاندا زۆر کاری دڕندانە ئەکەن و ئازادی گەل و میللەتان بۆ ماوەیەك خەفە ئەکەن، بەلاّم لەپاش لەناوچوونی دەسەلاّتیان لەبیر ئەچنەوەو ئەچنە زبڵدانی مێژووەوە، وەك ڕژێمەکەی پێنۆشێ و لایەنگرانی کە ئێستا ڕاپێچی بەردەم دادگا ئەکرێن و ئێستا کچی یەکێك لە هاوەڵە شەهیدەکانی خارا (میشێل باشلێ) سەرۆك کۆماری شیلیە، کە بەیەکێك لەسەرکەتووترین سەرۆکەکانی ئەمێریکای لاتین دائەنرێت و باوکی لەگەڵ سەرۆکی ئەوکاتەی چیلی (سلڤادۆر ئەلندی) لەکۆشکی کۆماری بەدەستی کودەتاچیەکانی پینۆشێ کوژرا.

ڤیکتۆر خارا، لەدوای خۆی، خێزانەکەی (خوان تویر نێر) و دوو کچی بەناوەکانی (مانیۆلا، ناماندا) بەجێهێشت.

ئەو گۆڕەپانەی خارای تیادا شەهید کرا ئێستا ناوی گۆڕاوە بە (گۆڕەپانی ڤیکتۆر خارا) جگە لەچەندان قوتابخانەو شوێنی گشتی کە بەناوی ئەوەوە ناونراون. ئەگەرچی تەرمی خارا بەشێوەیەکی نهێنی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەخاك سپێردرا، بەلاّم لە ڕۆژی ٥/١٢/٢٠٠٩دا و پاش ٣٦ ساڵ تەرمەکەی دەرهێنرایەوەو لەگۆڕستانی گەورەی سانتیاگۆ بەئامادەبوونی هەزاران کەس بەخاك سپێردرایەوە، پاش ئەوەی بەزۆربەی شوێنە سەرەکیەکانی سانتیاگۆدا گەڕاندیان بۆ ئەوەی دوایین ماڵئاوایی لەخۆشەویسترین هونەرمەندی گەورەی هەموو کاتەکانی وڵاتەکەیان بکەن و حکومەتی شیلیش سێ ڕۆژ پرسەی بۆ دانا، لەکاتێکدا دوژمنان و بکوژانی خارا لەهەموو لایەکی وڵاتەوە ڕاپێچی دادگا ئەکرێن و لەلایەن میللەتەوە سوکایەتی پێئەکرێت.

هەرچەند ڤیکتۆر خارا ٣٦ ساڵ پێش ئێستا کوژرا، بەلاّم ئەمڕۆ گۆرانی و سرودەکانی لەهەموو لایەکی چیلی و ئەمریکای لاتین و باشوور لێ ئەدرێتەوەو بۆتە سیمبولی هونەرمەندی دڵسۆز و بەهەڵوێست.